# سەر وتار

بسم الله الرحمن الرحيم

مامۆستایانی ئایینی بە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە ڕێزێکی زۆری لێناون و چەندان پلە بەرزی کردونەوەو کردونی بە میرات گری پێغەمبەران - علیهم الصلاة و السلام- " دوو ئەرکی زۆر گەورەیشی لەسەر داناون ، کە بریتین لە ئەرکی پاراستن و چاودێری کردنی ئەو زانست و دینەی کە بە میرات بۆیان جێ ماوە لە پێشەواکەیانەوە . لە گەڵ ئەرکی خزمەت کردن و ، هەوڵی بەختەوەری و سەرفرازی کردنی نەتەوەکەیان .

ئەم دوو ئەرکەش ئەرکی نێردراوانی ﷲ بووە ، هەر لە یەکەم پێغەمبەرەوە تا کۆتاییەیان ، بایەخ و گرنگی تەواویان بە گەلەکانی خۆیان داوەو ، بە شەوو ڕۆژو، ئاشکراو نهێنی ، لە هەوڵ وتێکۆشاندا بوون لەگەڵیان ، بۆ گرتنە بەری ڕاستە ڕێ لە هەموو هەڵسوکەوت و کردارو گوفتارێکیاندا [⇩] " بۆ ئەوەی بەختەوەرو کامەران بن بە گەیشتنە ئامانج و مەبەست ، چونکە ڕاستە ڕێ نزیك ترین و کورت ترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە مەبەستی کۆتایی ، وە هەر کەسێك ڕێگای ڕاست نەگرێتە بەر ئەوە ماندوبونێکی زۆری توش دەبێت و ناشگات بەئامانجێکی ڕاستەقینەی خۆشی و بەختەوەری نەبڕاوە .

لە بەر ئەوە وەك شوێن کەوتەیەکی پێغەمبەران - علیهم الصلاە و السلام - بە ئەرکی سەر شانمان زانی لەگەڵ مامۆستایانی دەستەی نوسەرانی گۆڤار ، کە ئێمەش لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە خزمەت بە گەلەکەمان بکەین " گەلی کوردی هەژارو ، چەوساوەو ، ستەم دیدەو ، وڵات کاول کراوو ، خاك زەوت کراوو ، ماف خوراوو ، پارچە پارچە کراو !!. وە هەوڵی یەکبون و یەك ڕیزییان بدەین بە شێوەیەکی وا ، کە ببنە پێشەوای ئوممەتانی جیهان و سەر بەرز بن لە دونیاو ، بەختەوەریش بن بە بەهرەو نیعمەتەکانی خودا لە دوا ڕۆژ .

---

[⇧] پێغەمبەران-علیهم الصلاە و السلام-یەك لە دوای یەك فەرمویانە :

-( يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَارْجُوا الْيَوْمَ الْآخِرَ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ)(العنكبوت: من الآية٣٦)

-( وَيَا قَوْمِ أَوْفُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ وَلا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلاتَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ)(هود:٨٥)

گۆڤاری ڕێگای ڕاست لەگەڵ ئەوەدا کە پاسەوانیێتیکردن لە خاك و وڵات بە گرنگ و زەرور دادەنی،دەشیەوێت ببێتە پاسەوانێکی ئەمین بۆ پارێزگاری وپاراستنی دین و ڕەوشت و ڕەسەنایەتی گەلەکەی . بۆ ئەوەی دونیاو دوا ڕۆژیشی پارێزراو بێت .

گۆڤاری ڕێگای ڕاست گروپێکی حیزبی یا دین و مەزهەبێکی فیقهی تازە داکەوتوو نییە،بەڵکو درێژە پێدەری دینە ڕاستەقینەکەی گەلەکەیەتی ⇩⇩.لەبەرئەوە خەڵکی بانگ ناکات بۆ لای شتێکی تازە ، بەڵکو بانگیان دەکات بۆ دینەکەی خۆیان کە ڕزگاری⇩⇩⇩ وسەرکەوتن و ئاسودەیی و کامەرانی بەردەوامی تێدایە ⇩⇩⇩⇩.

گۆڤاری ڕێگای ڕاست هەوڵێکە بۆ : پاك کردنەوەی بیرو باوەڕی موسوڵمانان لە دیاردەکانی هاوەڵ بۆ خوادانان . وە بۆ پاراستنی ئایینەکەیان لە دەستکاری و گۆڕین و زیادە داهێنان . وە بۆ تێگەیاندنیان لە شەریعەت بە زمانی کوردی ، تێگەیشتنێکی ڕاست و ڕەوان . دور لە کورت ڕەوی و زێدە ڕەوی . وە بۆ گەڕاندنەوەی برایەتییە ڕەسەنە فراوانەکەی ڕابردوو ، کە هەموو گەلی کوردی موسوڵمانی گرتبۆوەو ، بیری تەسکی دەمارگیری لێکی جیا نەکردبونەوەو پارچە پارچەی نەکردبون .

لە کۆتاییدا ئەمە خزمەتێکی کەمی ئێمەیە . وە سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەین ، کە لە بوارەکانی تردا خزمەتی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان دەکەن .
وە هیوادارین هەموو هەوڵەکانمان تەواوکەری یەکتری بن و ببنە مایەی بەرەو پێش بردنی گەلەکەمان لە هەموو لایەنە باش و بەسودەکان .

لە گەڵ ڕێزماندا

**سەرنوسەر**

---

⇧⇧ وە مژدەش دەدەینە خوێنەران بەگشتی وقوتابیانیش بەتایبەتی ، کە گۆڤارەکە قوتابخانەیەکی تەواوەو هەموو بەشەکانی زانستی شەرعی گرتۆتە خۆ إن شاء الله .

⇧⇧⇧ ( وَيَا قَوْمِ ... أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ...) (غافر:٤١).

⇧⇧⇧⇧ ( وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَاراً وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاتَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ) (هود:٥٢).